حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# خوێندنی کوردی

## قۆناغی بنەڕەتی- پۆلی چوارەم

## وەرزی دووەم

لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا

چاپی یەکەم ١٤٤٥ کۆچی ٢٠٢٤ زاینی ٢٧٢٤ کوردی

ناو ________________ قوتابخانه ________________

پۆل ________________ مامۆستا ________________



**هەڵسەنگاندنی زانستی**
د. ابراهیم قادر محمد
د. مصطفى محمد كریم
د. ئازاد عزیز سلێمان

**هەڵسەنگاندنی دەرونزانی**
یوسف عثمان حمد

**سەرپەرشتیی زانستیی چاپ**
چیمەن كریم حمه أمین
ناهده رحمان ابراهیم

**نیگارەكانی بەرگ و ناوەڕۆك**
محمد صدیق نامق

**سەرپەرشتیی هونەریی چاپ**
رەوەند سعید صابر

**نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆك**
رەوەند سعید صابر

**تایپێست**
كاژین احمد حسن

# پێشەکی

قوتابییانی ئازیز، مامۆستایانی بەڕێز، زمان هۆیەکە بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ لە یەکتر گەیشتن و ئەنجامدانی کارەکانی ڕۆژانە. ئەم کتێبە بەپێی بنەما زانستیی و پەروەردەییە هاوچەرخەکانی خوێندنی زمانی دایك لەم سەردەمەدا دانراوە کە لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششێکی زۆر لە پسپۆڕانی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بووە.

گرنگیدان بە زمانی کوردی (زمانی دایك) یەکێکە لە کارە پێشینەییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە. دانانی پڕۆگرامی تایبەت بە خوێندنی (زمانی دایك) گرنگیدانە بە (مێژو، کلتور، ڕۆشنبیری، نەتەوە و نیشتیمان)ی کوردی. پڕۆگرامی خوێندنی زمانی کوردی وەك هەر پڕۆگرامێکی تری زانستی بەردەوام پێویستی بە گۆڕین و پێداچونەوەی زانستیی و هونەری هەیە، بۆ ئەوەی شانبەشانی پێشکەوتنەکانی ژیان و کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە بچێ. لەسەر ئەم بنەمایە هەوڵدراوە ئەم کتێبە بە زانست و زانیارییە پێشکەوتنەکانی ژیان، بابەتەکانی بە نوێترین زانیارییەکانی سەردەم دیزاینبکرێ و دابڕێژرێتەوە.

لەم پڕۆگرامە نوێیەی خوێندنی زمانی کوردی، لەپاڵ فێربوون و فێرکردندا بایەخی زۆر بە بنیادنانی کەسایەتییەکی سەرکەوتوو و سەربەخۆ و متمانە بەخۆبوونی قوتابی دراوە، تاکو لە ئایندەدا سودی لی وەربگرێ بۆ ژیانی ڕۆژانەی و کۆمەڵگەکەی. هەروەها هەوڵدراوە بابەتەکان و چالاکییەکانی بەشێوەیەکی سادە و ئاسان بگەیەنرێتە قوتابی، بە جۆرێك مامۆستا ئاڕاستەکار و ڕێنماییکارە و قوتابی چەقی پرۆسەی فێربوونە، بە وردی کار بۆ جێبەجێکردنی هەرچوار کارامەییەکانی زمان (بیستن، ئاخاوتن، خوێندنەوە و نوسین) کراوە و زانیاری و بەها کۆمەڵایەتی و چالاکییەکان بەشێوەیەك دراونەتە قوتابی کە ئارەزو و پاڵنەری خۆشەویستی بۆ بابەتەکە لا دروست ببێ.

(قوتابییان، مامۆستایان، دایبابان)ی بەڕێز، بێگومان هەرکارێك گەر تازە و هاوچەرخیش بێ، بەبێ هەڵە و کەموکوڕی نابێت، بۆیە داوا لە دڵسۆزان و پسپۆڕانی زمانی کوردی دەکەین بە تێبینی و سەرنجە (زمانەوانی، زانستی، هونەرییەکانیان) کتێبەکە پوختەتر و جوانتربکەن.

**لیژنەی دانانی پڕۆگرام/ ٢٠٢٤**

# نەخشەی دانانی کتێبی خوێندنی کوردی
# پۆلی چوارەمی بنەڕەتی

## یەکەی چوارەم
## ژینگە

| بابەتەکان | چالاکییەکان | ئامانج |
|---|---|---|
| پاراستنی ژینگە | خوێندنەوە- هاوواتای وشەکان- گفتوگۆدەکەین- وشەکان وەك نمونەی سەرەوە لێدەکەم- دژواتاکان- لەمانە ڕستە دروستدەکەم- ڕێنوس- جواننوسی- دارشتن. | - ژینگە پاکرادەگرێت<br>- دارودرەخت دەپارێزێت.<br>- فێردەبێت ئاوی کانیاوەکان پیس نەکات. |
| ژینگە پارێز (شیعر) | خوێندنەوە- ڕاڤەکردن- لەبەرکردن- هاوواتای وشەکان- گفتوگۆ دەکەین- نیوە دێڕەکەی تر دەنوسم. | - ژینگە پارێز دەبێت.<br>- پارێزگاری لە دارودرەخت دەکات.<br>- شیعر و شاعیر دەناسێت. |
| تابلۆیەك لە جوانی | خوێندنەوە- هاوواتای وشەکان- گفتوگۆ دەکەین- دەستنیشانکردنی وێنە -وشەکان وەك نمونەی سەرەوە لێدەکەم_ ڕێنوس- جواننوسی- دارشتن. | - وەرزەکانی ساڵ دەناسێت.<br>- ئامادەکاری بۆ وەرزەکان<br>- دەکات.<br>-فێری داهێنانی هونەری دەبێت. |
| ژیناو ژینگەهـ | خوێندنەوە- هاوواتای وشەکان- گفتوگۆ دەکەین- وشەکان وەك نمونەی سەرەوە لێدەکەم- دەستەواژە دروستەکان بەیەکدەگەیەنم- دژواتای وشەکان هەڵدەبژێرم- نیشانە ( ، )- ڕێنوس- جواننوسی. | - جیاوازی دەکات لە نێوان ژینگەی شارو لادێ.<br>- ژینگە پاکرادەگرێت.<br>- کاریگەری ژینگە لەسەر نەخۆشییەکان دەزانێت. |

## یەکەی پێنجەم
## ئاکارو ڕەوشت

| بابەتەکان | چالاکییەکان | ئامانج |
| --- | --- | --- |
| پەشیمانی | خوێندنەوە- هاوواتای وشەکان- گفتوگۆ دەکەین- وشەکان وەك نمونەی سەرەوە لێدەکەم- ئەم بۆشاییانە پڕدەکەمەوە - دەستەواژەکان بەهێڵێك بە بەرامبەرەکەی دەگەیەنم- ڕێنوس- جواننوسی- دارِشتن. | - تێدەگات لە کارکردن بە هەرەوەزی.<br>- مانای خۆشەویستی دەزانێت.<br>- داهێنان دەکات لە بیرۆکەی نوێ. |
| ئاوی (شیعر) | خوێندنەوە- ڕاڤەکردن- لەبەرکردن- هاوواتای وشەکان- ئەمانە بەیەکدەگەیەنم- نیوە دێرەکەی تر دەنوسم. | - دەزانێت ئاو سەرچاوەی ژیانە.<br>- فێردەبێت سەرچاوەی ئاو پیس نەکات.<br>- شیعرو شاعیر دەناسێت. |
| ڕەوشتی ڕێگاوبان | خوێندنەوە- هاوواتای وشەکان- گفتوگۆ دەکەین- وشەکان وەك نمونەی سەرەوە لێدەکەم- نیشانەی ✔ ✘، یاریی تۆڕە وشە- ڕێنوس- جواننوسی. | - پابەند دەبێت بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆ.<br>- فێردەبێت لە شوێنی گونجاو بپەڕێتەوە.<br>- ئارامدەگرێت لەکاتی نۆرەگرتن. |
| دەستپاکی | خوێندنەوە- هاوواتای وشەکان- گفتوگۆ دەکەین- وشەکان وەك نمونەی سەرەوە لێدەکەم- دۆزراوەکان بە خاوەنەکانیان دەگەیەنم- ڕێنوس- جواننوسی. | - دەستکاری کەل و پەلی کەسانی دیکە ناکات.<br>- فێردەبێت کەل و پەلی دۆزراو بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنی.<br>- دەزانێت سوپاس و پاداشتکردن لەکاتی خۆی بکات. |

## یەکەی شەشەم
# کەلەپور

| بابەتەکان | چالاکییەکان | ئامانج |
|---|---|---|
| مۆزەخانەی پەروەردەیی هەولێر | خوێندنەوە- هاوواتای وشەکان- گفتوگۆ دەکەین- وشەکان وەک نمونەی سەرەوە لێدەکەم- نیشانەی ✓ ✗،یاریی تۆڕە وشە - ڕێنوس- جوانووسی- دارشتن. | - گرنگیدان وپاراستنی کلتوری نەتەوە.<br>- زانیاری دەربارەی شوێنە کەلەپوریەکان.<br>- گرنگی مۆزەخانە دەزانێت. |
| خەتخەتێن (ئۆپەرێت) | خوێندنەوە- ڕاڤەکردن- هاوواتای وشەکان- گفتوگۆ دەکەین- نیوە دێڕەکەی تر دەنوسم. | - فێری یاریی پەت پەتێن دەبێت.<br>- سودەکانی وەرزشی دەزانێت.<br>- شیعرو شاعیر دەناسێت. |
| گەشتێك بۆ ماڵی داپیرە | خوێندنەوە- هاوواتای وشەکان- گفتوگۆ دەکەین- وشەکان وەک نمونەی سەرەوە لێدەکەم نیشانەی، ✓ ✗ - وشەکان لە بازنەکان دەدۆزمەوە- ڕێنوس- جوانووسی. | - فێری سەربوردەکانی ژیانی گوند دەبێت.<br>- یارییە فۆلکۆریەکان دەزانێت.<br>- خواردنە کوردەوارییەکان دەناسێت. |
| شەوی بەرات | خوێندنەوە- هاوواتای وشەکان- گفتوگۆ دەکەین- پڕکردنەوەی بۆشایی- وەڵامی ڕاست هەڵدەبژێرم- لە نێوان ژمارەکان وشە دەدۆزمەوە- دەستەواژە دروستەکان بەیەکدەگەیەنم- ڕێنوس- جوانووسی. | - زانیاری هەیە دەربارەی بەرات.<br>- ئامادەکاری دەکات بۆ شەوی بەرات.<br>- فێری بەهاکانی شەوی بەرات دەبێت. |
| ناوەڕۆک | | |


ئاو
سەرچاوەی
ژیانە

## یەکەی چوارەم

# ژینگە

یەکەم: پاراستنی ژینگە

دووەم: ژینگەپارێز (شیعر)

سێیەم: تابلۆیەک لە جوانی

چوارەم: ژینا و ژینگە



ڕۆکەن و ڕۆیار خوشک و بران. ڕۆژێک کە لە قوتابخانە گەڕانەوە ماڵەوە، دوای شوشتنی دەست و چاویان، جلەکانیان گۆڕی، لەسەر خوانی نان خواردن لەگەڵ دایبابیان دانیشتن.

دایکیان: ئەوە پشوی بەهار دەستیپێکرد و کەشوهەوا خۆشبووە، کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ گەشتێک بچینە ناو سروشت، هەوایەکی پاک هەڵمژین و سەیری دیمەنە جوانەکانی بەهار بکەین؟ باپیرە و داپیرەش لەگەڵ خۆمان ببەین؟

باوکیان: پێشنیارێکی جوانە و لە جێگای خۆیەتی. بەیانی دوای نیوەڕۆ خۆتان ئامادەبکەن، دەچین بۆ شوێنێکی خۆش و دڵگیر، لەوێش من خواردنێکی بە تامتان بۆ ئامادەدەکەم.

بەیانی کەلوپەلەکانیان ئامادەکرد و خستیانە ناو ئۆتۆمبێلەکەیان، بەرەو شوێنی سەیرانەکە بەڕێکەوتن.

کاتێک گەیشتنە شوێنی دیاریکراو، لە نزیک کانییەک کەلوپەلیان هێنایە خوارەوە، لەبن دارێکدا ڕایەخەکیان بۆ داپیرە و باپیرە ڕاخست.

باوکی ڕۆیار، هەندێک چیلکەی هێنا و ئاگری کردەوە، تا خواردن ئامادەبکات.

باپیرە گوتی: کوڕم نابێت تۆ لەبن دارەکاندا ئاگربکەیتەوە، چونکە تین و هەڵمی



ئاگرەکە زیان بە دارەکە و گەڵاکانی دەگەیەنێت و وشک دەبن.

باوکی ڕۆیار گوتی: باوکە تۆ ڕاستدەکەیت، من بیرم لەوە نەکردبۆوە.

ڕۆکەن و ڕۆیار بۆ خۆیان یارییان دەکرد لەناکاو بینییان کابرایەک تەورداسێکی بەدەستەوەیە و لەسەرداریکە، وا خەریکە لقەکانی دەبڕێت.

ڕۆکەن خۆی نزیککردەوە گوتی: مامە، ئێرە بە دارودرەخت ڕازاوەتەوە و سروشت بەم دارانەوە جوانە، داربڕین کارێکی دروست نییە، ژینگەمان جوانی لە دەست دەدات.

پیاوەکە وەڵامی دایەوە و گوتی: ڕۆڵە من دارنابڕم، تەنیا لقە وشک بووەکان دەبڕم، تا جوانتر ببێت. لەو کاتەدا باوکی بانگیکردن و گوتی: وەرن خواردن ئامادەیە، خواردنیان خوارد و کاتێکی خۆشیان بەسەر برد.

باپیرە گوتی: درەنگە وەرن شوێنەکە پاکبکەنەوە و پاشماوەکان لە شوێنی گونجاو دابنێن، تاکو ئەوانەی دوای ئێمە دێنە ئێرە خۆشییەک ببینن.

داپیرە گوتی: هەندێک ئاو بە ئاگرەکەدا بکەن، نەوەک ئاگرەکە بگەشێتەوە، ڕوداوێکی نەخوازراو ڕوبدات، بە دڵی خۆش ڕۆژەکەیان بەسەر برد و گەڕانەوە ماڵەوە.

(پاراستنی ژینگە ئەرکی هەمووانە)



# چالاكی و ڕاهێنان

## چالاكی (١)

هاوواتاكان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:
( چڵ، سەرقاڵ، دڵڕفێن، كتوپڕ )

دڵگیر:

لەناكاو:

لق:

خەریك:

## چالاكی (٢)

گفتوگۆدەكەین :

١-بۆچی دایكیان  داوای گەشتی دەكرد؟

٢-باوكیان چی بە دایكی ڕۆیار و ڕۆكەن گوت؟

٣- باوكیان چی كۆكردەوە؟ بۆچی؟

٤- بۆچی نابێت لە ژێر داردرەخت ئاگربكەینەوە؟

٥- ڕۆكەن و ڕۆیار لەكاتی یاریكردندا چییان بینی؟

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٣)

چوو نەچوو

ئەم وشانە وەک نموونەی سەرەوە لێدەکەم:

هێنا

هەڵمژی

گەڕایەوە

گرتووە

خوارد

## چالاکی (٤)

دژواتاکان بەیەکدەگەیەنم:

| | |
|---|---|
| ناوەوە | دورکەوتنەوە: |
| دابنیشن | دەرەوە |
| ئاو | بردن |
| نزیککەوتنەوە | هەستن |
| هێنان | ئاگر |

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٥)

ئەم ڕستانە ڕێکدەخەم:

١-بکەن، داپیرە، ئاگرەکە، ئاو، بە، هەندێک، دا، گوتی.

.........................................................

٢-ماڵەوە، بە، دڵی خۆش ، و، گەڕانەوە، ڕۆژەکەیان، بەسەربرد.

.........................................................

## چالاکی (٦)

ڕێنوس:

کاتێـک گەیشـتنە شوێنـــی دیـــاریکراو، لــە نزیـک کانییـەک کەلوپەلیـان هێنایـە خـوارەوە، لـەبــن دارێـکدا ڕایەخەکیـان بـۆ داپیـرە و باپیـرە ڕاخسـت.

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٧)

جوانووسی:

ئەم ڕستانەی خوارەوە دوو جار بە جوانی دەنوسمەوە:

١- بیرکردنەوەیەکی جوانە و لە جێگای خۆیەتی.

.............................................................................................................

.............................................................................................................

٢- بڕینی داری سەوز کارێکی دروست نییە.

.............................................................................................................

.............................................................................................................

# چالاکی (٨)

# دارِشـــتن





دارِشـــتن:

لەم وێنانە بیرۆکەیەک وەردەگرم و دارِشتنێک دەنوسم:

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................





# ژینگەپارێز

دێ پاقژکەم ژینگەها خۆ
گەشکەم ڕوویێ وەڵاتێ خۆ
شێلی ناکەم کانی و ئاڤا
گیانداران ناخم داڤا
نابڕم ، نا سۆژم داران
دابمینیت خەملا جاران
ژینگەها من ماڵا منە
پاقژییا وێ ئەرکێ منە
دێ جوانییا وێ ڕاگرم
ڕێکی ل پیس بوونێ گرم
من سۆزە و لێڤە نابم
هندی ل ژیانێ مابم
هندی ببۆرن چاخ و دەم
دێ ژینگەهپارێز بم هەردەم

( دڵدار محمد)



شـاعـر ناوی (دڵدار مـحەمەد)ە، لە ساڵی (١٩٨٧ز) لە دهۆک لە دایکبووە. خاوەنی چەندین شیعری بڵاوکراوەیە.

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (١)

هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:

(لێل، چاو، بەڵێن، تێپەڕن، ناسوتێنم)

چاڤـ :

شێلی:

ناسۆژم:

سۆز:

ببۆرن:

## چالاکی (٢)

گفتوگۆدەکەین :

١- ناوی شیعرەکە چییە؟ هی کێیە؟

٢- شاعیر ژینگەکەی وەک چ ئەندامێکی جەستەی دەپارێزێت؟

٣- بۆچی نابێت داروەدرەختی سەوز ببڕین و بیانسوتێنین؟

٤- پاکڕاگرتنی ژینگە ئەرکی کێیە؟

## چالاکی (٣)

نیوە دێڕەکەی تر دەنوسم:

نابڕم، نا سۆژم داران.

................................

٢ . ............................

دێ ژینگەهپارێز بم هەردەم .

# تابلۆیەک لە جوانی

وەرزی پایـز بـوو، دارەکان هێـدی هێـدی گەڵاکانیـان هەڵـدەوەری، بەهـۆی بایەکـی ساردەوە هەموویـان وەک نمایشـێکی شـانۆیی سـەر شـەقام لەگـەڵ ئاوازێکـی هێمـن و نـەرم دەکەوتنـە سـەر زەوی. ڕۆژێکیـان لـەم وەرزە جوانـەدا یارمەتیـم لـە داییابـم وەرگـرت تاکـو بچـم بـەدوای (شـکار)دا، تـا پیاسـەیەک بـە نـاو شـەقامە پـڕ لـە گـەڵا وەریوەکانـدا بکەیـن.

دایکـم گوتـی: پەریـا وەرە ملپێـچ و چەترەکـەت لەگـەڵ خۆتـدا ببـە، زۆربـەی کات لـەم وەرزەدا بارانێکـی نـەرم دەبارێـت، بـا تـەڕ نەبـن و لەسـەرمای ئـەم وەرزەش پارێـزراو بـن.

باوکـم سـەیرێکی کـردم و پرسـی: ڕۆڵە بـۆ هێنـدە تامەزرۆی بینینـی ئـەم دیمەنـەی؟ گوتـم: مامۆسـتاکەمان سـاڵانە



باسـی وەرزەکانمـان بـۆ دەکات، کـە لـە هـەر وەرزێکـدا گـەڵاکان بـە ڕەنگێک دەردەکـەون، بـەڵام لـەوەرزی پایـزدا گـەڵاکان بـە هەمـوو جـۆرە ڕەنگێـک خۆیـان دەڕازێننـەوە، هەروەهـا گـەڵاکان ژینگـە پیـس ناکـەن و زیانیـان بـۆ ئێمـە نابێـت، بەڵکـو ئەگـەر هەڵیـان بگرینـەوە دەتوانیـن بـۆ خواردنـی ئاژەڵـەکان بەکاریانبهێنیـن، جگەلـەوەی دەبێتـە سـەرچاوەیەکی باشـی پەیـن بـۆ خاکەکەمـان. هەربۆیـە مـن و شـکار دەچیـن بـۆ بینینـی ئـەم دیمەنـە جوانـە، سوپاسـتاندەکەم، کـە ئـەم ئارەزووەمـان بەجێبێنـن.


بـاوک: بـڕۆ بـا دوانەکەویـت، بـاش ئـاگاداری خۆتـان بـن. هێنـدە بـە دڵخۆشـییەوە ڕۆیشـتم نەمزانـی چـۆن گەیشـتمە ماڵـی شـکار. ئەویـش وەک مـن خـۆی ئامادەکردبـوو، سـەبەتەیەکی لـە دەسـت بـوو، بەرلـەوەی بپرسـم ئەمـە چییـە،؟ خـۆی گوتـی: سـەیرکە چیـم هێنـاوە! بـەڵام مەپرسـە بۆچیتـە. تـا دەگەینـە شـوێنی مەبەسـت. سـەیرێکی یەکترمـان کـردو، بەزەردەخەنـە و دڵخۆشـییەوە گەیشـتینە شـەقامێکی پـڕ گـەڵای وەریـو، لـە جوانیـدا لـە کراسـێکی پرتەقاڵیـی پـڕ گوڵـی سـور و زەرد دەچـوو، کـە بەڕەنگـی سـەوز و قاوەیـی کەمـەری بـۆ دروسـتکرابێت.

گەڵاکانمـان بەسـەر یەکتریـدا بڵاودەکـردەوە، زۆری نەمابـوو خۆمـان بیربچێتـەوە و کات درەنـگ دابێـت. شـکار گوتـی: دەی بـا گـەڵای هەمەڕەنـگ و جۆراوجـۆر کۆبکەینـەوە بیخەینـە نـاو سـەبەتەکە.

پەریا گوتی: بۆ چیتە؟ دەتوانین جارێکی تریش بێینەوە هەمان دیمەن ببینین.

شکار گوتی: پەریا گیان، دەتوانین لەم گەڵایانە تابلۆیەکی جوان دروستبکەین.

پێشکەشـی مامۆسـتای هونـەری بکەیـن، وێنەیەکـی یادگاریش بگرین.



# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (١)

هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:

(سەیوان، بیرەوەری، لەسەرخۆ)

هێمن :

چەتر :

یادگاری :

## چالاکی (٢)

گفتوگۆدەکەین :

١- لە چ وەرزێکدا زۆرترین گەڵای دارەکان هەڵدەوەرن؟

٢- پەریا بۆچی یارمەتی لەدایبابی وەرگرت؟

٣- بۆچی دایکی پەریا داوای لێکرد ملپێچ و چەترەکەی لەگەڵ خۆیدا ببات؟

٤- کاتێک شکار هات چی بە دەستەوە بوو؟

٥- گەڵای دارەکان لە جوانیدا لە چی دەچوون؟

## چالاکی (٣)

دەستنیشانی ئەو وێنانە دەکەم، کە تایبەتن بە وەرزی پایز:









# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٤)

دیتن        دەبینم        نابینم.

ئەم وشانە وەک نمونەی سەرەوە لێدەکەم:

ڕۆیشتن

وەرگرتن

توانین

چاندن

دروستکردن

## چالاکی (٥)

ڕێنوس:

سەیرێکی یەکترمان کردو بە زەردەخەنە و دڵخۆشییەوە، گەیشتینە شەقامێکی پڕ گەڵای وەریو، لە جوانیدا لە کراسێکی پرتەقاڵیی پڕ گوڵی سور و زەرد دەچوو، کە بەڕەنگی سەوز و قاوەیی کەمەری بۆ دروستکرابێت.

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٦)

جواننوسی:

ئەم ڕستانەی خوارەوە دوو جار بە جوانی دەنوسمەوە:

١- دەتوانین لەم گەڵایانە تابلۆیەکی جوان دروستبکەین.

..........................................................................................

..........................................................................................

٢- هێندە بە دڵخۆشییەوە ڕۆیشتم، نەمزانی چۆن گەیشتمە ماڵی شکار.

..........................................................................................

..........................................................................................

# چالاکی (٧)

# دارِشـــتن

لەم هێڵکارییە بیرۆکەیەک وەردەگرم و لەشێوەی دارِشتن دەنوسمەوە:

وەرزی پایز

بە وەرزی چەندەم دادەنرێت؟

چۆن خۆمان لەسەرما بپارێزین؟


لەم وەرزەدا چی ڕوودەدات؟

بـــۆچـی قوتابخانەکان لەم وەرزدا دەکرێنەوە؟

وەرزێکی چۆنە؟

ئایا ئەو گەڵایانەی دەوەرن سودیان لێدەبینرێت؟


# چالاکی هزری



ژینـا قوتابییـەکا زیرەکـە، ل پـۆلا چـوارێ دخوینیـت، ڕۆژەکـێ دگـەل دایبابێـن خـۆ ل ناڤـ باخچـەی ڕونشـتبوون و دانوسـتاندن دکـرن.

ژینایـێ گۆتـە بابـێ خـۆ: بـاب، ئەڤـرۆ مامۆسـتای پرسـیارەکـ ژ مـە کـر و گـۆت: بۆچـی ژینگەهـا گونـدان ژ یـا باژێـران پاقژتـرە؟ بەلـێ کەسـێ ژ مـە نەدزانـی بەرسـڤا وی یـا دروسـت بـدەت، ئینـا مامۆسـتای گۆتەمـە: بـۆ خـۆ پرسـیار بکـەن.

بـاب: کچـا مـن گونـد دتـژی دار و بـار و کەسـکاتینە، ئـەو کەسـکاتی ژی گازا دووەم ئۆکسـیدێ کاربۆنـی هەلدکێشـیت و ئۆکسـجینی بـەردەت و هـەوا پاقـژ دبیـت، بەلـێ ل باژێـران گێلەشـۆکـ و زێـدە بوونـا مرۆڤـان و دوکێـلا ترۆمبێـلان و موەلیدییێـن کەهرەبـێ و کارگەهــ و جهێـن پیشەسـازی و ئـەو ئاڤـا پیسـا دناڤـ ئاڤرێژانـدا دەربـاز دبیـت و تێکەلـی گەلەکـ جۆرێـن گلێشـی دبیـت و ڤەمانـا وان ل هندەکـ جهـان گەلەکـ بێهنێـن نەخـۆش و گازێـن زیانبەخـش ژێ پەیدادبـن، هەروەسـا کێمییـا ڕێژەیـا کەسـکاتێی و دارو بـاران لناڤـ



بازێـران، ئەڤـە هەمـی پێکڤـە دبنـە ئەگەرێـن پیـس بوونـا ژینگەهـا بازێـران.

ژینا: باب، چەوا دێ شێین ژینگەهـا بازێران پاقژ کەین؟

بـاب: شرینـا بابـێ خـۆ، دڤێـت کارگەهــ و جهێـن پیشەسـازی و ئـەو تشـتێن ژینگەهـا بازێـری تێکـددەن هەمـی بهێنـە ڤـە گوهاسـتن بـۆ جهێـن گونجایـی ژ دەرڤـەی بازێـری و ڕوبەرێـن کەسـکاتیێ و دارو بـاران و باخچەییێـن گشـتی ل ناڤـ بازێـران بهێنـە زێدەکـرن.

ژینا: باشە باب، چ نەخۆشی ژ ئەوێ دوکێلێ و ئەوان گازێن زیان بەخش پەیدادبن؟

بـاب: کچـا مـن گەلەکـ نەخۆشـی ژ ئـەوێ دوکێلـێ و ئـەوان بێهـن و گازێـن زیانبەخـش پەیدادبـن. وەکـ: (نەخۆشـیا پەنچەشـێرێ، تەنگەنەفەسـێ، هەودانـا سـیهان، سـینگ کەلبونـێ و هندەکـ نەخۆشـییێن پیسـتی).

ژینـا: سـوپاس بابـێ مـن یـێ خۆشـتڤی بـۆ ئەڤـان پێزانینـا، سـوبە دێ شـێم بەرسـڤا مامۆسـتای دەم.



# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (١)

هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:

(شار، وەڵام، ئاوەڕۆ، قەرەباڵغ، سەوزایی)

باژێر:

بەرسڤ:

گێلەشۆک:

ئاڤرێژ:

کەسکێتی:

## چالاکی (٢)

گفتوگۆدەکەین :

١- مامۆستا چ پرسیارێکی لە ژینا و قوتابییەکان کردبوو؟

٢- سودی داروبار و کەسکێتی چییە؟

٣- ژینگەی گوندەکان چۆنە؟ چۆن لە ژینگەی شارەکان جیادەکرێتەوە؟

٤- ئەو نەخۆشییانە چین لە دوکەڵ پەیدادەبن؟

٥- ژینا چی بە باوکی گوت؟

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٣)

ئەم وشانە وەک نمونەی سەرەوە لێدەکەم:

ڕاکێشان          ڕادەکێشم.

١- دانیشتن

٢- زێدەکرن

٣- زانین

٤- هەڵکێشان

٥- دەربازبوون

## چالاکی (٤)

دەستەواژە دروستەکان بەیەکدەگەیەنم:

| | |
|---|---|
| -ژینا لە پۆلی | دتژی دا روبار و کەسکاتینە. |
| -کچامن گوند | چوار دەخوێنێت. |
| - سوپاس بابێ من یێ خۆشتڤی | ل ناڤ باژێران بهێنە زێدە کرن. |
| - دارو باران و باخچەیێن گشتی | گازێن زیانبەخش پەیدا دبن |
| - گەلەک نەخۆشی ژی ئەوێ دوکێلێ و ئەوانی بێهن | بۆ ئەڤان پێزانینا. |

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٥)

دژواتای ئەم وشانەی خوارەوە هەڵدەبژێرم:

١- پاکترە ( بەرزترە، پیسترە، جوانترە ).

٢- مەنەدزانی ( مەئینا، مەکری، مەدزانی ).

٣- زیانبەخش ( بەخشین، چێژبەخش، سودبەخش ).

٤- ژ دەرڤە ( ژناڤدا، ژرەخڤە، ژسەرڤە ).

٥- زێدەکرن ( هەمبەرکرن، کێمکرن، فرێکرن ).

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٦)

نیشانەی ( ✓ ) یان (✗) بۆ ئەم وێنانەی خوارەوە دادەنێم:









# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٧)

ڕێنوس:

- کچا من گوند دتژی داروبار و کەسکاتینە، ئەو کەسکاتی ژی گازا دووەم ئۆکسیدێ کاربۆنی هەلدکێشیت و ئۆکسجینی بەردەدەت و هەوا پاقژ دبیت.

## چالاکی (٨)

جوانوسی:

ئەم ڕستانەی خوارەوە دوو جار بە جوانی دەنوسمەوە:

١- ژینا قوتابییەکا زیرەکە، ل پۆلا چوارێ دخوینیت.

........................................................................................

........................................................................................

٢- سوبە دێ شێم بەرسڤا مامۆستای دەم.

........................................................................................

........................................................................................

## یەکەی پێنجەم

# ئاکار و ڕەوشت

**یەکەم: پەشیمانی**

**دووەم: ئاوی (شیعر)**

**سێیەم: ڕەوشتی ڕێگاوبان**

**چوارەم: دەستپاکی**




لە شارە مێرولەیەکدا هەموو مێرولەکان بەخۆشی دەژیان، هەمیشە هاوکاریی یەکتریان دەکرد. شارەکەیان بە شاری خۆشەویستی بەناوبانگ بوو، جگە لە یەکێکیان نەبێت هیچ کاتێک هاوکاریی هاوڕێکانی خۆی نەدەکرد، هەمیشە دورەپەرێز بوو بەشداری هیچ دڵخۆشییەکی هاوڕێکانی نەدەکرد، ڕۆژێکیان ویستی بچێت هەندێک خۆراک کۆبکاتەوە و بەیەک ڕۆژ هێندەی چەندین ڕۆژ پەیدابکات.

لەبەرئەوە بەدوای خۆراکدا دەگەڕا، تا بیدۆزێتەوە و بۆ خواردن بیباتەوە شارەکەی، پاش گەڕان و ماندوبوونێکی زۆر هیچی دەستنەکەوت، بە خەمباری گەڕایەوە، بەڵام لە ڕێگای گەڕانەوەیدا دەنکە نۆکێکی گەورەی دۆزییەوە، زۆر دڵخۆشبوو، هەربۆیە پەلاماری دەنکە نۆکەکەیدا و ویستی بیباتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی دەنکە نۆکەکە زۆر گەورە بوو نەیتوانی ڕایبکێشێت، لە دڵی خۆیدا گوتی: باشتر وایە مێرولەکانی تر بانگبکەم، دواى



ئەوە پەشیمان بووەوە و گوتی: با نەبنە هاوبەشم، دواتر من هەر خۆم پێمخۆش نییە کەس هاوکاریم بکات، دوبارە بیریکردەوە، باوەڕی وابوو، کە لە دورەوە خۆی بە دەنکە نۆکەکەدا بکێشێت، هەوڵبدات هێواش هێواش بیباتەوە بۆ ناو شارەکەیان، دوای هەوڵدانێکی زۆر هەر نەیتوانی نۆکە گەورەکە بجولێنێت، لەبەرئەوە بەناچاری گەڕایەوە شارەکەیان، بابەتەکەی بە چەند مێرولەیەک گوت، ئەوانیش زۆر دڵخۆشبوون بە داواکاری هاوڕێکەیان، هەربۆیە بەڵێنی هاوکارییان پێدا و بەیەکەوە چوونە لای دەنکە نۆکەکە و بیریانکردەوە چۆن بیبەنەوە؟

دوای ڕاوێژ و گفتوگۆ بڕیاریاندا دەنکە نۆکەکە بە داوێک ببەستنەوە و سیانیان ڕایبکێشن و دوانیش پاڵی پێوەبنێن، بەمجۆرە بە هاوکاری هەمووان نۆکە گەورەکەیان بردە ناو شارەکەیان، لەو کاتەدا مێرولەکە لە کارەکەی پەشیمان بووەوە و تێگەیشت، کە هەموو کارێکی گران بە هەرەوەزی ئاسان دەبێت و دڵخۆشی لە هاوڕێیەتی و هاوکاریی دایە.



# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (١)

هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:

(کاری بەکۆمەڵ، تاڵ، پاشگەز)

داو :

پەشیمان :

هەرەوەز :

## چالاکی (٢)

گفتوگۆدەکەین :

١- لەشارە مێرولەکەدا، مێرولەکان چۆن دەژیان؟

٢- شارە مێرولەکە بە شاری چی بەناوبانگ بوو؟

٣- مێرولەکە لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا چی دۆزییەوە؟

٤- ئایا مێرولەکە پەشیمان بووەوە لە کارەکانی پێشتری؟

٥- مێرولەکە لە کۆتاییدا بە چی گەیشت؟

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٣)

هات    نەهات

ئەم وشانەی خوارەوە وەک نمونەی سەرەوە لێدەکەم:

کێڵا

خوارد

فرۆشت

دەرچوو

کڕی

## چالاکی (٤)

ئەم بۆشاییانە بە وشەی گونجاو پڕدەکەمەوە:

١ - یەکێک لە مێروولەکان هیچ کاتێک .................. هاوڕێکانی نەدەکرد.

٢- دەنکە نۆکەکە...................... گەورە بوو.

٣- بڕیاریاندا نۆکەکە بە .................. ببەستنەوە.

٤- بە هاوکاری هەمووان ......................... یان بردە ناو شارەکەیان.

٥- .................. لە هاوڕێیەتی و هاوکاریی دایە.

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٥)

ئەم دەستەواژانە بە هێڵێک بە بەرامبەرەکەی دەگەیەنم :

| | |
|---|---|
| ١- مێرولەکە لە کارەکەی | گەڕایەوە. |
| ٢- شارە مێرولەکە بە شاری | خۆشەویستی بەناوبانگ بوو. |
| ٣- مێرولەکە بە خەمباری | ناتوانێت دەنکە نۆکەکە ڕابکێشێت. |
| ٤- هەر خۆم پێم خۆش نییە | پەشیمان بووەوە. |
| ٥- مێرولەکە بیری کردەوە کە خۆی بە تەنها | کەس هاوکاریم بکات. |

## چالاکی (٦)

ڕێنوس:

لەو کاتەدا مێرولەکە لە کارەکانی پەشیمان بووەوە، تێگەیشت هەموو کارێکی گران بە هەرەوەزی ئاسان دەبێت، دڵخۆشی لە هاوڕێیەتی و هاوکاریی دایە.

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٧)

جوانووسی:

ئەم ڕستانەی خوارەوە دوو جار بە جوانی دەنوسمەوە:

١- شارەکەیان بەشاری خۆشەویستی بە ناوبانگ بوو.

.......................................................................................................

.......................................................................................................

٢-هەر کارێک گرانە، بە هەرەوەزی ئاسانە.

.......................................................................................................

.......................................................................................................



## چالاکی (٨)

# دارِشـــتن

دارِشـــتن:

وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەمەوە، بەشێوەی دارِشتن دەنوسمەوە:

هاورِێیەتی

١- ناوی نزیکترین هاورِێت چییە؟

٢- لە قوتابخانە لەگەڵ هاورِێکانت چیدەکەیت؟

٣- چۆن هاوکاری یەکتر دەکەن؟

٤- چۆن رِێزی هاورِێکانت دەگریت؟

٥- لەکاتی پشوی خوێندن چیدەکەن؟

....................................................................................................

....................................................................................................

....................................................................................................

....................................................................................................

....................................................................................................

# چالاکی هزری



# ئـــــاوی

زارۆڵا، ئاوی ئاوی بلمێ سـەرو هاناوی

ئاوی پیسە نەکەرمێ دەسێ شۆرمێنە وەرمێ

ئاوی وەشە سـەردەنە پاکەنە بێ گەردەنـە

پیسەش نەکەرمێ وەرمێ پەی گوڵا هۆرش کەرمێ

ئا زارۆڵە شـیرینێ ژیرێ ساحێب ویرینـێ

ئاوی لێڵـە مـەکەرا پـەی دارای ولاش بەرا

شـاعیر نـاوی (فەرەیـدون کەیخوسـەرەو بەهرامی)یـە، بـە (شـرام هەورامـی) نـاسراوە، لـە سـاڵی (١٩٥٧ ز) لـە گونـدی (هانـە گەرمڵـە)ی هەورامـانی لهـۆن لـە کوردسـتانی خۆرهـەڵات لـە دایکبـووە.



# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (١)

هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنووسم:

(بۆ، کانیاو، بشۆرین، زارۆک، بکەین، بخۆینەوە،

دەبەن، گوڵان)

| وشە | هاوواتاکەی |
|---|---|
| زارۆڵە : | |
| هاناو : | |
| کەرمێ : | |
| شۆرمێنە : | |
| وەرمێ : | |
| پەی : | |
| ولا : | |
| بەرا : | |

## چالاکی (٢)

ئەمانەی خوارەوە بەیەکدەگەیەنم:

| | |
|---|---|
| ١-بلمێ سەرو | کەرمێ |
| ٢-ئاوی وەشە | مەکەرا |
| ٣-پەی گوڵا هۆرش | ویرینێ |
| ٤- ژیرێ ساحێب | هاناوی |
| ٥-ئاوی لێڵە | سەردەنە |

## چالاکی (٣)

نیوە دێڕەکەی تر دەنووسم:

ئاوی وەشە سـەـردەنـە

.......................

.......................

پەی دارای ولاش بەرا

بڵند گوتی: کاتێک گوێم لە ڕادیۆ دەگرت، ئەوین و هەڤاڵ لە بەرنامەیەکی منداڵاندا گفتوگۆیان، لەسەر ڕەوشتی ڕێگاوبان دەکرد.

ئەوین گوتی: ڕێگاوبان ڕەوشت و یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، خەڵک پەیڕەویان دەکات، تا لە مەترسییەکانی ڕێگاوبان دوربکەونەوە، پێویستە هەموو تاکێکی کۆمەڵگە زانیاریی دەربارەی یاسا و ڕەوشتەکانی ڕێگاوبان هەبێت، ڕێزیان لێبگرێت، جێبەجێیان بکات.

هەڤاڵ گوتی: ئەو ڕەوشت و یاسایانە چین؟ کە پێوستە بیانزانین؟

ئەوین: یەکێک لە ڕەوشتەکان ئەوەیە، مرۆڤ لە کاتی ڕۆیشتن بە پیادە، نە پەلە بکات و نە زۆر بەهێواشی بڕوات، بە ناوەڕاستی شەقامەکاندا نەڕوات و لەسەر شۆستە ڕێبکات.

لەکاتی ڕۆیشتندا نابێت خۆی



بە خوێندنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە و بەکارهێنانی مۆبایل سەرقاڵ بکات، نابێت لە چەقی ڕێگا لەگەڵ هاوڕێکانی ڕابوەستێت، گفتوگۆبکات، ڕێگای هاتوچۆی کەسانی تر بگرێت.

ئەگەر کەسێک ویستی دابەزێت لەیەکێک لە هۆیەکانی گواستنەوە نۆرەبڕی لە کەس نەکات.

دیسان هەڤاڵ لە ئەوینی پرسی: ئایا ڕەوشتی تری ڕێگاوبان هەیە؟

ئەوین : بەڵێ گەلێک ڕەوشت و یاسای تری ڕێگاوبان هەن.

یەکێکی تر لەو ڕەوشتانە، ئەگەر کەسێکی نەشارەزا ویستی جێگایەک یان ناونیشانێکی پیشانبدەین، پێویستە بەڕێزەوە گوێی لێبگرین و زۆر بەڕونی شوێنەکەی بۆ دەستنیشان بکەین.

ئەم ڕەوشتانە نیشانەی پەروەردەیەکی باشن، ئەنجامەکەشی سەلامەتی هەمووانە.



# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (١)

هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:

( خەڵک،  پیادەڕەو، جێبەجێکردن)

شۆستە:

جەماوەر:

پەیڕەوکردن:

## چالاکی (٢)

گفتوگۆدەکەین:

١- چۆن ڕێنمایی کەسێکی نەشارەزا دەکەین؟

٢- بۆچی دەبێت پەیڕەوی یاساکانی هاتوچۆ بکەین؟

٣- پێویستە لە کاتی دابەزین لە هۆیەکانی گواستنەوە چیبکەین؟

٤- لەکاتی ڕۆشتنی بەپیادە  پێویستە چۆن بڕۆین؟

٥- دوو لە ڕەوشتەکانی ڕێگاوبان بژمێرە؟

# چالاكی و ڕاهێنان

## چالاكی (٣)

| | |
|---|---|
| دەست + پاك | دەستپاك |

ئەم وشانەی خوارەوە وەک نمونەی سەرەوە لێدەکەم:

خو + ڕەوشت

دەست + نیشان

نۆرە + بڕی

ڕێز + گرتن

ڕۆژ + نامە

## چالاكی (٤)

نیشانەی ( ✓ ) یان ( ✗ ) بەرامبەر ئەم ڕستانەی خوارەوە دادەنێم :

١- یاریکردن لەسەر چەقی ڕێگا کارێکی دروستە.
٢- لەکاتی ڕۆشتندا دەبێت مۆبایل بەکارنەهێنین.
٣- بڵند سەیری تەلەڤزیۆنی دەکرد.
٤- لەکاتی پێویستدا داوای هاوکاری لە پۆلیسی هاتوچۆ دەکەین.
٥- گوێ بە نۆرە نادەین و نۆرەبڕی لە کەسانی تر دەکەین.

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٥)

یاریی تۆڕە وشە:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ر | ت | ش | و | ە | ڕ |
| ا | خ | ی | ا | س | ا |
| ڤ | ز | ب | چ | ا | د |
| ۆ | ج | د | ژ | پ | ێ |
| گ | ف | ت | و | گ | ۆ |

١- بڵند گوێ لە چی دەگرێت..............؟

٢- نابێت لە چەقی ڕێگادا ڕابوەستین و .......................بکەین.

٣- دەبێت یاسا و ................ ڕێگاوبان بزانین.

٤- لە کاتی ڕۆشتندا نابێت خۆمان بە خوێندنەوەی ...................... خەریک بکەین.

٥- ڕێگاوبان......................ی تایبەت بە خۆی هەیە.

٦- ...................... هۆکاری گواستنەوەی گشتییە.

## چالاکی (٦)

ڕێنوس:

لەکاتی ڕۆیشتندا نابێت خۆی بە خوێندنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە و بەکارهێنانی مۆبایل سەرقاڵ بکات، نابێت لە چەقی ڕێگا لەگەڵ هاوڕێکانی ڕابوەستێت و گفتوگۆبکات و ڕێگا لە هاتوچۆی کەسانی تر بگرێت.

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٧)

جواننوسی:

ئەم ڕستانەی خوارەوە دوو جار بە جوانی دەنوسمەوە:

١- نابێت لە چەقی ڕێگا لەگەڵ هاوڕێکانت ڕابوەستیت.

..........................................................................................

..........................................................................................

٢- وا باشترە ڕیزبگرین و پەلە و نۆرەبڕی لە کەس نەکەین.

..........................................................................................

..........................................................................................

## دەستپاکی

نالی قوتابییەکی زیرەک بوو هەموو ڕۆژێک لەکاتی خۆیدا دەگەیشتە قوتابخانە، ئارەزوی لە وانەی هونەر بوو، ئەو ڕۆژانەی وانەی هونەری هەبوایە، پێنوسە ڕەنگاو ڕەنگەکانی خوشکەکەی دەبرد، چونکە بەهەردووکیان تەنها یەک دەستە پێنوسی ڕەنگاو ڕەنگییان هەبوو.

ڕۆژێک پێش ئەوەی بچێتە پۆلەوە لە گۆڕەپانی قوتابخانەکەیدا دەستەیەک پێنوسی ڕەنگاوڕەنگی دۆزییەوە، زۆر لای جوان بوو .

لەدڵی خۆیدا گوتی: چۆن من ئارەزوم لەمەیە، دڵنیام خاوەنەکەشی بەمجۆرەیە، هەر دڵی لای پێنوسە ڕەنگاوڕەنگەکانیەتی، دوای ئەمە ئامۆژگاریی مامۆستا و دایبابی بیرکەوتەوە، کە هەمیشە دەیان گوت: (پێویستە هەمووومان دەستپاک بین و کەلوپەلی یەکتر نەبەین و خۆمان نەکەینە خاوەنی کەلوپەلی یەکتر).

هەر بۆیە ڕۆیشتە پۆلەوە و ڕاستەوخۆ بە هاوڕێکانی گوت: ئەمەم دۆزیوەتەوە، کێ خاوەنیەتی؟



هیچ کەسێک خاوەنی نەبوو، لەم کاتەدا مامۆستا هاتە پۆل و دوای بەیانی باش.

نالی گوتی: مامۆستا ئەوەم دۆزیوەتەوە و نازانم خاوەنەکەی کێیە و لەم پۆلەش نییە. کاتێک مامۆستا سەیریکرد گوتی: بە قتوەکەی دەزانم کە ئەم پێنوسە ڕەنگاوڕەنگانە هی نمەیە، لەکاتی پشودا دەچینە پۆلی سێیەم و خۆت پێی بدەرەوە، دڵنیام زۆر دڵخۆش دەبێت و پێزانینی بۆ کارەکەت دەبێت.

لەدوای تەواوبوونی وانەکە، نالی و مامۆستا چونە لای نمە و پێنوسە ڕەنگاوڕەنگەکانی پێدایەوە، نمە زۆر سوپاسیکردن و زۆر دڵخۆشبوو، مامۆستاش دەستخۆشی لە نالی کرد و بەبیریدا هاتەوە ڕۆژێک نالی پێی گوتبوو من و خوشکەکەم یەک دەستە

پێنوسی ڕەنگمان هەیە، هەروەها نالی دەستپاکە و شایانی پاداشتە، پێویستیشی بەم پێنوسە ڕەنگانە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەیبردبوو بۆ خۆی و گەڕاندییەوە بۆ خاوەنەکەی.
بەیانی لە کاتی ڕیزکردنی قوتابییان لە گۆڕەپانی قوتابخانەدا، بەڕێوەبەر ئەم چیرۆکەی نالی بۆ هەموو مامۆستا و قوتابییەکان گێڕایەوە و سوپاسی نالی کرد و لە بەرامبەر ئەو ڕەفتارە باشەی کە نواندبووی، دەستەیەکی نوێی پێنوسی ڕەنگاوڕەنگ و پالێتێکی ڕەنگی ئاوی بە دیاری پێشکەش بە نالی کردو گوتی: هەموو دەستپاکییەک پاداشتی خۆی هەیە.



# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (١)

هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:

(دەستە، ڕێگاچارە، سوپاسکردن، بینییەوە)

دۆزییەوە :

چارەسەر :

پێزانین :

پالێت:

## چالاکی (٢)

گفتوگۆدەکەین:

١-نالی چی دۆزییەوە؟

٢-بۆچی نالی پێنوسە ڕەنگاوڕەنگەکانی خوشکەکەی دەبرد؟

٣-کاتێک پێنوسە ڕەنگاوڕەنگەکانی دۆزییەوە چی بەدڵدا هات؟

٤-کێ خاوەنی پێنوسە ڕەنگاوڕەنگەکان بوو، لە پۆلی چەند بوو؟

٥-لە بەرامبەر ئەو ڕەفتارە بەڕێوەبەر چی پێشکەشکرد؟

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٣)

به + هێز        بەهێز

ئەم وشانەی خوارەوە وەک نمونەی سەرەوە

لێدەکەم:

هاو + ڕێ        ..............

دا + هێنان        ..............

هەڵ + چوو        ..................

پێ + نوس        .................

نوس + ەر        .................

## چالاکی (٤)

دژواتاکان:

زیرەک        x

نوێ        x

ڕاستەوخۆ        x

دڵخۆش        x

باش        x

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٥)

وتەکان بە خاوەنەکانیان دەگەیەنم:

| | |
|---|---|
| ١ - نالی | لەکاتی پشودا دەچینە لای پۆلی سێیەکان. |
| ٢ - نمە | چیرۆکەکەی نالی لە ناو هەمووان گێڕایەوە. |
| ٣- مامۆستا | سوپاسیکردن و زۆر دڵخۆش بوو. |
| ٤- بەڕێوەبەر | ئەمەم دۆزیوەتەوە. |

## چالاکی (٦)

ڕێنوس:

نالی لە کاتی ڕیزکردنی قوتابییان لە گۆڕەپانی قوتابخانەدا، لە بەرامبەر ئەو ڕەفتارە

باشەی کە نواندبووی دەستەیەکی نوێی  پێنوسی ڕەنگاوڕەنگ پالێتێکی ڕەنگی ئاوی

بە دیاری وەرگرت.

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٧)

جواننوسی:

ئەم ڕستانەی خوارەوە دوو جار بە جوانی دەنوسمەوە:

١-نالی گوتی مامۆستا ئەوەم دۆزیوەتەوە.

....................................................................................................

....................................................................................................

٢-چۆن من ئارەزوم لەمەیە دڵنیام خاوەنەکەشی بەمجۆرەیە.

....................................................................................................

....................................................................................................

# چالاکی هزری



## یەکەی شەشەم

# کـەلـەپـور

**یەکەم: مۆزەخانەی ئەرشیفی پەروەردەیی هەولێر**

**دووەم: خەتخەتێن (شیعر)**

**سێیەم: گەشتێک بۆ ماڵی داپیرە**

**چوارەم: شەوی بەرات**



# مۆزەخانەی ئەرشیفی پەروەردەیی هەولێر

هەولێر یەکێکە لە شارە دێرینەکانی جیهان، خاوەنی چەندین شوێنەواری مێژوییە یەکێک لەو شوێنەوارە گرنگانە (مۆزەخانەی ئەرشیفی پەروەردەیی هەولێر)ە.

مۆزەخانەی ئەرشیفی پەروەردەیی هەولێر یەکەم قوتابخانەی پەروەردەییە لە شاری هەولێر کراوەتەوە و تەمەنی باڵاخانەکە نزیکەی (١٠٠) ساڵە و ماوەی زیاتر لە (٨٠) ساڵ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن تێیدا بەردەوام بوو.

قوتابخانەی (ئەربیل ئولا) لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لەسەر قەڵاتی هەولێر دروستکراوە و دواتر هێنراوەتە ناوشار ساڵی(١٩٢٨ز) باڵاخانەیەکی دوونهۆمی بۆ قوتابخانەکە دروستکراوە.

مامۆستا (مەلا عەزیز، ئەحمەد ناجی، عەبدوڵا عەزیز) لە بەڕێوبەرە پێشەنگەکانی بوون. سەرەتا خوێندن بە زمانی عەرەبی بووە، تا دوای ساڵی (١٩٥٨ز) زمانی خوێندنەکەی دەگۆڕێت بۆ زمانی کوردی و تاکو ساڵی (٢٠٠٤ز) خوێندن تێدا بەردەوام بووە.

لەو سەردەمەدا خەڵکی شاری هەولێر لە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی (کورد، تورکمان، عەرەب، موسڵمان، کریستیان و جولەکە) هەموو بەیەکەوە لە گەڕەکە سادە و ساکارەکاندا بەتەبایی ژیاون، ئەم پێکەوەژیانە ڕەنگدانەوەی لەناو قوتابخانەش هەبووە و بەیەکەوە خوێندویانە.



لەدوای ساڵی (٢٠٠٤ز) بۆ ماوەی حەوت ساڵ بەهۆی کۆنی باڵاخانەکە ئەم قوتابخانەیە چۆڵکراوە و لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە کرایە مۆزەخانە و ئەرشیفی پەروەردەیی.

لە ئێستادا ئەرشیف و دیکۆمێنتی(١٠٠) ساڵی مامۆستا و قوتابییان و پەروەردەیی هەولێر لە (١٣) هۆڵ پارێزراوە، بەشێکی زۆری کەسایەتییەی ناودارەکان لەم قوتابخانەیە خوێندوویانە و فێری نوسین و خوێندنی ئەلفبێ بوونە وەک ( مارف خەزنەدار - مەحمود زامدار- هاشم جەباری - هونەرمەند محەمەد ئەحمەد ئەربیلی- هونەرمەند فوئاد ئەحمەد، موحسین دزەیی، سەلام کۆیی... زۆری تر).

هەر هۆڵێک وێنە و چەند بابەتێکی کەلەپوری تێدایە و ئەمەش زیاتر سەرنجی میوانان ڕادەکێشێت، ڕۆژانە جگە لە خەڵکی هەرێمی کوردستان گەشتیارێکی زۆر سەردانی دەکەن.



# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (١)

هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:

(کۆن، دابونەریت، خستنەڕو، فۆلکلۆر)

کلتور:

دێرین :

کەلەپور :

نمایش :

## چالاکی (٢)

گفتوگۆدەکەین:

١- لە ساڵی چەند باڵەخانەی دوو نهۆمی بۆ قوتابخانەی ئەربیل ئولا دروستکرا؟

٢- تاکەی خوێندن لە قوتابخانەکە بەردەوام بوو؟

٣- ئەو مامۆستایانە کامانەن کە پێشەنگ بوون؟

٤- مۆزەخانەکە لە چەند هۆڵ پێکهاتووە؟

٥- بە کوێ دەگوترێت مۆزەخانە؟

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٣)

دێرین    دێرینتر    دێرینترین

ئەمانەی خوارەوە وەک نمونەی سەرەوە

لێدەکەم:

ئاوەدان

دەوڵەمەند

گرنگ

تەبا

چۆڵ

## چالاکی (٤)

نیشـانەی ( ✓ ) یـان ( ✗ ) بـۆ ئـەم ڕسـتانەی خـوارەوە دادەنێـم:

١-هەولێـر یەکێکـە لـە شـارە دێرینـەکان خاوەنـی چەندیـن شـوێنەواری مێژوییـە.

٢-مۆزەخانـەی ئەرشـیفی پەروەردەیـی لـە سـییەکانی سـەدەی ڕابـردوو لەسـەر قـەڵای هەولێر دروستکراوە.

٣-لـە سـەرەتای دروسـتبوونی قوتابخانەکـە زمانـی خوێنـدن کـوردی بـوو.

٤-ڕۆژانە گەشتیارێکی زۆر سەردانی دەکەن.

٥-هۆڵەکانـی مۆزەخانـە تەنها بەنـاوی قوتابییـان ناونراون.

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٥)

یاریی تۆڕە وشە:

١- هەولێر یەکێکە لە شارە دێرینەکانی.........

٢- لە سەرەتای دروست بوونی قوتابخانەکە زمانی خوێندن بە زمانی ............... بووە.

٣- هەر هۆڵێک وێنە و چەند بابەتێکی...........ی تێدایە.

٤- بۆ ماوەی .............. ساڵ ئەم قوتابخانەیە چۆڵکراوە.

٥- جگە لە خەڵکی هەرێمی کوردستان .................ێکی زۆر سەردانی دەکەن.

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ق | ح | ە | و | ت | پ | ی |
| ع | ە | ر | ە | ب | ی | س |
| ن | ا | س | ڕ | ۆ | ڵ | ە |
| گ | ە | ش | ت | ی | ا | ر |
| ک | و | پ | ە | ل | ە | ک |
| ج | ی | ھ | ا | ن | چ | ش |

## چالاکی (٦)

ڕێنوس:

لەو سەردەمەدا خەڵکێکی زۆر لە شاری هەولێر لە نەتەوەکانی کورد، تورکمان، عەرەب، کریستیان و جولەکە، هەموو ئەوانە وەک چۆن لەناو گەڕەکەکاندا بەیەکەوە ژیاون، ئەم پێکەوە ژیانە ڕەنگدانەوەی لە ناو قوتابخانەش هەبووە.

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٧)

جوانئووسی:

ئەم ڕستانەی خوارەوە دوو جار بە جوانی دەنوسمەوە:

١- یەکەم قوتابخانەی پەروەردەییە لە شاری هەولێر.

..........................................................................................

..........................................................................................

٢- بە قوتابخانەی پێکەوە ژیان و تەبایی ناسراوە.

..........................................................................................

..........................................................................................

# چالاکی (٨)

# دارِشـــــتن





دارِشـــتن:

لەسەر یەکێک لەم وێنانە دارِشتنێک دەنوسم:

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................





..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

..........................................................................................................

# ( خەتخەتێن )

ئێستا کاتی خەت، خەتێنە
بۆ وەستاوی؟ ڕامەمێنە
تەباشیر و بەردێک بێنە
خەت بکێشە، بینەخشێنە
بەهێواشی قاچ دانێ سوک
بۆ ئەم لاولا بازی بچوک
یاری جوڵە و ڕاکردنە
تۆ ڕاوەستە سەرەی منە
نا سەرەی منە لە پێشا
من خۆم خەتەکانم کێشا
دەباشە با دەست بەکاربین
هەموومان تێیدا بەشداربین
کێ خەتخەتێن دەباتەوە
سەر دەکەوێ و دەڕواتەوە
دیمەنێکی چەند شیرینە
بزە و قاقا و پێکەنینە
یاری دەکەین بە هاوکاری
گشتمان براوەین لەیاری

زارا ئەحمەد جاف



شاعیر ناوی(زارا ئەحمەد عزیز)ە، لەساڵی١٩٦٩ز لەشاری ڕانیە لەدایکبووە، خاوەنی چەندین بەرهەمی چاپکراوە.

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (١)

هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:

(نۆرە، ساپ ساپێن، مەحەپەسن، پێکەنین

بەدەنگی بەرز)

خەتخەتێن:

ڕامەمێنە:

سەرە:

قاقا:

## چالاکی (٢)

گفتوگۆدەکەین:

١- یاریی خەتخەتێن چۆن ئەنجامدەدرێت؟

٢- چەند کەس لە یارییەکە بەشداری دەکەن؟

٣- یاساکانی یارییەکە چۆنن؟

٤- یارییەکە چ چێژیک دەبەخشێت؟

## چالاکی (٣)

نیوە دێڕەکەی تر دەنوسم:

١- ------------------------

بۆ وەستاوی؟ ڕامەمێنە

٢- نا سەرەی منە لەپێشا.

------------------------

# گەشتێک بۆ ماڵی داپیرە

بەیانییەکی زوو میر و ژیر و شۆخان لەگەڵ دایبابیاندا بەڕێکەوتن بۆ گوندەکەیان، میر گوتی: هێشتا داپیرە و باپیرە لەخەو هەڵنەستاون.

دایکی گوتی: لەو بڕوایەدام هەستابن، خەڵکی گوند هەمیشە بەیانییان زوو لە خەو هەڵدەستن و خەریکی کارن، ئێستا مامیشتان مەڕەکانی بۆ لەوەڕگا و پاوان بردووە.

ژیرگوتی: باوکە مەڕ لە کوێ ڕادەگیرێت.

باوکی گوتی: ئەوان مەڕەکان لە حەیارەکە یان لە تەیمانەکەدا دادەکەن.

میر گوتی: بابە حەیارە و تەیمان چین؟ باوکی گوتی: حەیارە پەرژینێکە بەخشت یان بەرد دروستدەکرێت، جێگای مەڕومالاتە، تەیمان پەرژینێکە لە دار یان لە قامیش بەدەوری باخ و حەوشەی مالاندا دروستدەکرێت، هەندێک جاریش بۆ شوێنی داخراوی ئاژەڵ بەکاردەهێنرێت.

دایکی گوتی: ئەمڕۆ کەشوهەوا زۆر خۆشە، دەتوانن بە ئاسودەیی لەگەڵ مامتان یاری بکەن.

ژیر گوتی: کەواتە یاری هەلوکێن و کێلەبەردانی دەکەین.

میر گوتی: با سەرەتا بۆ لای بزن و مەڕەکان بچین.

شۆخان گوتی: منیش یاریی ماڵەباجێنە و هەڵماقۆ دەکەم.

بە قسەی خۆش گەیشتینە گوندەکەی خۆمان، کە لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزین، بۆنی



نانی تەندورمان کرد، بینیمان باپیرمان خەریکی چا خواردنەوەیە، بەپیرمانەوە هاتن و ماوەیەک دانیشتن، داپیرە گوتی: بۆ نیوەڕۆ حەزتان لە چ خواردنێکە؟

باوکم گوتی: ئەمڕۆ خواردنێکی کوردەواریمان بۆ لێبنێی.

داپیرە گوتی: بەسەرچاو، خواردنێک بە دڵی خۆتان هەڵبژێرن، چیتان پێخۆشبوو لەسەر کوانو بۆتانی لێدەنێم.

میر گوتی: کوانو چییە؟ داپیرە گوتی: کوانو وەک مەقاڵە وایە چێشتی لەسەر لێدەنرێت، لە قوڕ و تەنەکە دروستدەکرێت، دەبێت شوێنی هەواگۆڕکێی هەبێت. کام لەم خواردنانەتان بۆ ئامادە بکەم (گەنمە کوتاو، قەرەخەرمان، قوڕاو، دۆغەوا، دۆیینە، کەنگر، کاردی و بەربەسێڵ).

ئەوان گوتیان هەرچییەک خۆتان پێتان باشە، لەم کاتەدا ژیر و شۆخان کەوتنە پرسیارکردن لە ناوی ئەو چێشتانە، داپیرە بەجوانی بۆی باسکردن، لە کۆتاییدا بڕیاریاندا قوڕاو لێبنێن.

میر گوتی: باپیرە مامم لەکوێیە؟ گوتی: ڕۆڵە گیان ئێستا خەریکی لەوەڕاندنی مەڕەکانە.

باوکم بە باپیرەمی گوت: بابە گیان ئێمەش (دامە و نۆڕسکێن و کلاوێن) دەکەین

باپیرم گوتی: زۆر باشە، هەموومان شەو بەیەکەوە یاری کلاوێن دەکەین.



# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (١)

هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:

(پەلیکانیّ، چێشتەقوڵی، لەوەڕگا، خۆحەشاردان)

پاوان :

هەلوکێن :

چاوشارکێ :

ماڵە باجێنە :

## چالاکی (٢)

گفتوگۆدەکەین:

١- بۆچی خەڵکی گوند بەیانییان زوو لەخەو هەڵدەستن؟

٢- مامیان خەریکی چ کارێک بوو؟

٣- کوانو لە چی دروستدەکرێت و بۆچی بەکاردێت؟

٤- بڕیاریاندا چ جۆرە خواردنێک ئامادەبکەن؟

٥- چ جۆرە یارییەکیان هەڵبژارد؟

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٣)

خەڵک خەڵکان

ئەمانەی خوارەوە وەک نمونەی سەرەوە

لێدەکەم:

ڕۆژ

بەرد

شەو

دار

ماڵ

## چالاکی (٤)

نیشانەی ( ✓ ) یان ( ✗ ) بۆ ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دادەنێم:

١- خەڵکی گوند بەیانییان زو لەخەو هەڵدەستن.

٢- حەوشە جێگای پشوی مانگایە.

٣- ژیر گوتی لەگەڵ منداڵەکان ماڵە باجێنە دەکەین.

٤- لە کۆتاییدا بڕیاریاندا دۆغەوا دروستبکەن.


٥- هەمووومان شەو پێکەوە یاری دەکەین.

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٥)

ئەم وشانە لە بازنەکاندا دەدۆزمەوە:

قەرەخەرمان، گەنمەکوتاو، کێلە بەردانێ، ماڵەباجێنە، کوانو.



# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٦)

ڕێنوس:

باوکم گوتی: پێمخۆشە ئەمڕۆ خواردنێکی کوردەواریمان بۆ ئامادەبکەیت، داپیرەم گوتی: بەسەرچاو کۆمەڵێک خواردنی کوردەواری بە دڵی خۆتان هەڵبژێرن هەرچیتان پێخۆشبوو ئەوە دروستدەکەین.

## چالاکی (٧)

جوانووسی:

ئەم ڕستانەی خوارەوە دوو جار بە جوانی دەنوسەمەوە:

١- هەموومان شەو بەیەکەوە یاری کڵاوکڵاوێن دەکەین.

..............................................................................................

..............................................................................................

٢- بە قسەی خۆش گەیشتینە گوندەکەی خۆمان.

..............................................................................................

..............................................................................................

# شەوی بەرات

شەوی پازدەی مانگی شەعبان شەوی بەراتە، منداڵان لە پاش نوێژی شێوان کۆدەبنەوە و بە ماڵاندا دەسوڕێنەوە. لە شار دەچنە بەر دەرگای ماڵان، ماڵەکەش شیرینی، ئازوقە، دانەوێڵە پارە چییان هەبێ بۆیان دێنن و یەکێ لە منداڵەکانیش تورەکە، یا چارۆکەیەکی کردووەتە ملی، ئەوەی دەیاندەنێ تێیدەکەن، ئەگەر پارەش بێ، یەکێکیان هەڵیدەگرێت.

ئەو شەوە ماڵەکانی گەڕەک دەگەڕێن. دوای ئەوە چییان دەستکەوتووە لە نێوان خۆیاندا دابەشیدەکەن ئەگەر لە دێیش بوو، ئەوا بە سەربانی ماڵەکاندا دەگەڕێن لە کلاوڕۆژنەکانەوە، چارۆکە، زەمبیلە، یا سەبەتەیەکی بچکۆلە بۆ ماڵەکە شۆڕدەکەنەوە، ماڵەکەش چییان هەبێ بۆیانی تێدەکەن ئەوانیش هەڵیدەکێشن و دەیکەنە تورەکەکە. بەو شێوە دەچنە سەر کونە باجەی ماڵێکی تر، تا هەموو ماڵەکان دەگەڕێن، دوای ئەوەی کۆیانکردۆتەوە بەشی دەکەن و بۆ ماڵی خۆیان دەڕۆنەوە.ئەم ڕێوڕەسمە لە نەورۆز و سەری ساڵیشدا دووبارە دەکرێتەوە و پێی دەڵێن



(نەورۆزانە). بە زۆری لە گوندەکاندا بەڕێوەدەچێ. منداڵان بە خۆیان و تورەکە و دەفری دەستیانەوە شەوی نەورۆز دەکەونە ئاوایی و ماڵە و ماڵ دەگەڕێن و داوای نەورۆزانە دەکەن و هەندێکجاریش دەڵێن (شۆشەبەراتێ، خودا کوڕ و کچتان بداتێ) ئەم گەڕانە تایبەت بە منداڵانە، بەڵام هەندێ جار گەنج و هەرزەکارانیش بەشداری تێدادەکەن. کە زۆربەی داواکردنەکەیان بە پشتوێنی ناو خاڵی دەبێ و خاوەن ماڵ بەبێ ئەوەی بیناسێ ئەوەی دەستیکەوت دەیخاتە ناو پشتوێنەکەی و گرێیدەدا و ئەویش هەڵیدەکێشێتەوە.

هەندێک جار خاوەن ماڵەکان پشتوێنەکە دەناسن و بۆ گاڵتە و خۆشی، پیاز و شتی بێ کەڵکی تێدەخەن و گرێیەکی وای لێدەدەن کابرای سەربان بۆی ناکرێتەوە و بە ناچاری دەیپچڕێنێ.



# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (١)

هاوواتاکان لە شوێنی گونجاو دەنوسم:

لادێ، لاو، گەنم وجۆ، ڕۆچنەی سەریان،

خواردەمەنی وشک)

ئازوقە :

دانوێڵە :

کڵاو ڕۆژنە :

ئاوایی :

گەنج:

## چالاکی (٢)

گفتوگۆدەکەین:

١-بە چ شەوێک دەگوترێت شەوی بەرات؟

٢-منداڵەکان چی لەو شتانە دەکەن

کە پێیاندەدرێت؟

٣-(شۆشە بەرات) بە واتای چی دێت؟

٤-ئایا تەنها منداڵان بەشداری لە شەوی

بەرات دەکەن؟

٥-گەڕان بە ماڵاندا تەنها لە شەوی بەرات

ئەنجامدەدرێ؟

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٣)

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە ( بۆ، لە، بە) پڕدەکەمەوە:

١- منداڵان.........پاش نوێژی شێوان.

٢- دوای ئەوە............ماڵێکی تر دەچن.

٣- دەست............دەرگاوە دەنێن.

٤- ........... زۆر شوێنی کوردەواری بەم یارییە دەگوترێت (شۆشەبەراتێ).

٥- کابرای سەربان پشتوێنەکەی بۆ ناکرێتەوە و.......ناچاری دەیپچڕێنێت.

## چالاکی(٤)

وەڵامی ڕاست هەڵدەبژێرم:

١- بەشەوی پازدەی شەعبان دەگوترێت شەوی........... (یەڵدا، سەری ساڵ، بەرات، جەژن)

٢- یەکێ لە منداڵەکانیش تورەکە یان چارۆکەیەکی کردۆتە.......... (ملی، دەستی، سەری، پشتی)

٣- نەورۆزان بەزۆری لە............ئەنجامدەدرێ. (شارەکان، گوندەکان، گەڕەک، ماڵ)

٤- ئەم گەڕانە تایبەتە بە ....................... . (منداڵان، ژن، پیاو، پیر)

٥- هەندێک جار بۆ گاڵتەو خۆشی.........و شتی بێکەڵک دەخەنە ناو تورەکەکەوە. (تور، پیاز، سڵق، گێزەر)

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٥)

لە نێوانی ژمارەکاندا  وشەکان دەدۆزمەوە.

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ | ١٣ | ١٤ | ١٥ | ١٦ | ١٧ | ١٨ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ز | ۆ | ک | ن | ت | ڕ | ژ | ر | ب | س | ێ | ش | و | پ | ە | ی | ا | ڵ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٢ | ١٥ | ١٣ | ١٦ | ٩ | ١٥ | ٨ | ١٧ | ٥ |
| ٤ | ١٥ | ١٣ | ٨ | ٢ | ١ | ١٧ | ٤ | ١٥ |
| ٣ | ١٨ | ١٧ | ١٣ | ٦ | ٢ | ٧ | ٤ | ١٥ |
| ١٤ | ١٢ | ٥ | ١٣ | ١١ | ٤ | | | |
| ١٠ | ١٥ | ٨ | ٩ | ١٧ | ٤ | | | |

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٦)

دەستەواژە گونجاوەکان بەیەکدەگەیەنم:

| | |
|---|---|
| ئەگەر لە شاربوو | دەست بە دەرگاوە ئەنێن. |
| ئەگەر لە دێش بوو | شەوی خۆشی و خەڵاتە. |
| وا منداڵان | دەچنە بەردەرگا و حەوشەی ماڵان. |
| ئەمشەو شەوی بەراتە | خوا کوڕ و کچتان بداتێ |
| شۆشەبەراتێ | بەسەربانی ماڵەکاندا دەگەڕێن. |

## چالاکی(٧)

ڕێنوس:

بەشەوی پازدەی مانگی شەعبان دەگوترێت شەوی بەرات، منداڵان لە پاش نوێژی شێوان کۆدەبنەوە و بە ماڵاندا دەسوڕێنەوە.

# چالاکی و ڕاهێنان

## چالاکی (٨)

جوانނووسی:

ئەم ڕستانەی خوارەوە دوو جار بە جوانی دەنووسمەوە:

١- لە زۆر شوێنی کوردەواری ئەم کارە پێیدەڵێن شوشەبەراتێ.

..............................................................................................

..............................................................................................

٢- ماڵە و ماڵ دەگەڕێن و داوای نەورۆزانە دەکەن.

..............................................................................................

..............................................................................................

# ناوەڕۆك


بابەتەكان ..... ژ. لاپەڕە

پێشەكی ..... ٤

نەخشەی كتێب ..... ٥ – ٧

ئاو ..... ٨

یەكەی چوارەم( ژینگە) ..... ٩

پاراستنی ژینگە ..... ١٠ – ١٧

شیعر ( ژینگە پارێزی ) ..... ١٨ - ١٩

تابلۆیەك لە جوانی ..... ٢٠ – ٢٦

چالاكی هزری ..... ٢٧

ژینا و ژینگەهـ ..... ٢٨ - ٣٤

یەكەی پێنجەم ( ئاكار و ڕەشت) ..... ٣٥

پەشیمانی ..... ٣٦ – ٤٢

چالاكی هزری ..... ٤٣

شیعر( ئاوی) ..... ٤٤ – ٤٥

ڕەوشتی ڕێگاوبان ..... ٤٦ - ٥١

دەستپاكی ..... ٥٢-٥٧

چالاكی هزری ..... ٥٨

یەكەی شەشەم ( كەلەپور) ..... ٥٩

مۆز مخانەی ئەرشیفی پەروەردەیی هەولێر ..... ٦٠ - ٦٧

ئۆپەریت ( خەت خەتێن) ..... ٦٨ - ٦٩

گەشتێك بۆ ماڵی داپیرە ..... ٧٠ - ٧٥

شەوی بەرات ..... ٧٦ - ٨٢

ناوەڕۆك ..... ٨٣